## بۆ لێکۆڵینەوە لە سکاڵای توندوتیژی بەرامبەر بە خانمان

# داوای ئەفسەر و دادوەری ئافرەت دەکرێ

**بەشێک لە چالاکوانەکانی بواری مافی ئافرەتان، بە پێویستی دەزانن بۆ لێکۆڵینەوە لە سکاڵای توندوتیژی بەرامبەر بە خانمان، ئەفسەر و دادوەری ئافرەت دابین بکرێ، ئەوەش بە رێکارێک بۆ بەدواداچوونی تاوانەکان و جێبەجێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دەزانن، یاساناسێکیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە هێشتا لەکوردستان پێگەی خانمان بەبێ جیاوازی ڕەگەزیی قبووڵ نەکراوە، بۆیە تەنانەت «پیاوانی یاساییش بە کەمبایەخی سەیری ئافرەت دەکەن».**



گوڵان: کۆمەڵایەتی

### پیاوان بە چاوی حەزەوە لە ئافرەت دەڕوانن

«هەڵبەت ئەوە تەنها راوبۆچوون نییە و پشتم بە داتاکان بەستووە، کە دەڵێم زۆربەی قەیرانەکانی ئافرەت لەو کاتەوە قووڵ دەبێتەوە کە دەچێتە نێو یاسا، ڕۆژنامەکان سەدان نموونەیان بڵاو کردووەتەوە کە خاتوونێك دەستدرێژی کراوەتەسەر و هانای بۆ یاسا بردووە، کەچی بەداخەوە لەلایەن پۆلیسی لێکۆڵینەوەش دەستدرێژی کراوەتە سەری، لەکوردستانیش بەرامبەر ئافرەت بەتایبەتی کە دەزانن لە حاڵەتێکی لاوازە، جیاوازی لەنێوان کاسبکارێك، یاساناسێك، مەلایەك و پۆلیسێکی لێکۆڵینەوە نییە، هەموویان بەو چاوی حەزەوە لە ئافرەت دەڕوانن».

ئەوە قسەی ڕازاو ئەحمەد بوو. ئەو خانمە قوتابی قۆناغی دکتۆرایە لەیاسا و دەڵێت «هێشتا لەکوردستان ئەوە قبووڵ نەکراوە کە ئافرەتیش ئەقڵی هەیەو تەنها جەستە نییە. بۆیە تەنانەت پیاوانی بواری یاساییش بە کەمبایەخی سەیری ئافرەت دەکەن، ئەوەش وا دەکات ئافرەت زیاتر مشووری خۆی بخوات». ڕازاو زۆر بە پێویستی دەزانێت «ئەفسەرو دادوەری لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی خێزانی ئافرەت بن»، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ئەو هەنگاوە هەتا زووتر بنرێ، درەنگە و بەپێویستیشی زانی «حکومەت و پەرلەمان ئەو پرۆژە گونجاوە جێبەجێ بکەن».

### لە کاری دادوەریدا ڕەگەز هیچ ڕۆڵێکی نییە

بەڵام شادمان دەرگەڵەیی خاوەن ئیمتیازی هەفتەنامەی بانگ، ڕایوایە بەپێی یاسا هەموو هاووڵاتیان (ژن و پیاو) یەکسانن، ئەو دادوەرەش بڕیار لە کەیسی ئافرەتێك دەدات، دەبێت پابەند بێت بە یاساو ڕێساکان و سۆز لە کارەکەیدا هیچ ڕۆڵێك نەبینێ، گوتیشی «گریمان لە کەیسی ئافرەتێکدا دادوەرەکە ژن بوو، ئەگەر دادوەرە ژنەکە بە حوکمی ئەوەی ژنە لە دەرەوەی یاسا کەیسەکەی لە بەرژەوەندی ژنەکە یەکلا کردەوە، ئەوا بێگومان مانای ئەوەیە کە دادوەرێکی عادیل نەبووە، کەواتە لە کاری دادوەریدا ژن و پیاوبوون هیچ ڕۆڵێك نابینێ، ڕەنگە هەندێك بۆچوون هەبێت، وا بیربکەنەوە کە ئەگەر دادوەر ژن بێت، باشتر لە ناخی ئافرەتەکان تێدەگات و دەبێ دادوەرە ژنەکان لە کێسی ژناندا بڕیار بدەن، بەڵام ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیەو ئا لێرەدا یاسا ڕۆڵ نابینێت و ناعەدالەتی دەبێت، با ژن و پیاو دادوەر بن، گرنگ ئەوەیە بە پێی یاسا کاری خۆیان ئەنجام بدەن».

بەشێك لە چالاکوانانی بواری مافی ئافرەتان، هێما بۆ ئەوە دەکەن کە زۆربەی پیاوانی ئەفسەر و دادوەری لێکۆڵینەوە لە کەیسی توندوتیژی بەرامبەر بە خانمان کەمتەرخەمی دەکەن، بۆیە بە پێویستی دەزانن، ئەفسەر و دادوەری لێکۆڵینەوەی ئافرەت و ئێشکگر بۆ بەدواداچوونی تاوانەکانی بەرامبەر بە خانمان دابنرێن، جەختیش لەوە دەکەنەوە کە بەوشێوەیە لە ئەگەری هەر تاوانێك لەدژی خانمان کاری جددی دەکرێت، ئەوەش بە ڕێکارێك بۆ کەمکردنەوەی تاوانەکانی توندوتیژی دەزانن.

### دادوەرانی ئافرەت زیاتر لە پیاوان سوودیان بۆ ئافرەتی سکاڵاکار دەبێت

توێژەری کۆمەڵایەتی ڕێبین فەتاح، سەبارەت بە هەمان پرس، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە «لە هەرێمی کوردستاندا حکومەت زیاتر رۆڵێکی پۆلیسی بینیوە لە چارەسەرکردنی کێشەی ژناندا، دیارترین هەوڵی دەسەڵات لە ساڵانی رابردوودا و بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشەی ژنان، پێکهێنانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان بووە، ئەو بەڕێوەبەرایەتییەش جگە لە رۆڵێکی پۆلیسی هیچ دەورێکی دیکەی نەدیوە، ئەگەر ڕۆڵێکی دیکەشی هەبووبێت، لە ئاستێکی سنووردار بووەو ئەوەندە کاریگەری نەبووە، وتیشی «لە هەرێمی کوردستاندا میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی کێشەی ژنان گرفتی گەورەی تێدایە و کێشەکەش پەیوەندی بە نەبوونی پلان و کاری جددی هەیە».

ڕێبین بە پێویستی دەزانێت، کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەرلەوەی بە پۆلیس و دادگا چارەسەر بکرێن، لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا هەوڵی چارەسەرکردنیان بدرێت، گوتیشی «دوای ئەوەی لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا هەوڵی چارەسەری درا، ئەگەر کێشەیەك پێویستی بە پۆلیس و دادگا کرد، ئەوە دەبێت پۆلیس و دادگا وەك میکانیزمی دووەم لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا تەماشا بکرێن. هەرچی پەیوەندی بە پرسیارەکەی ئێوەوە هەبێت، بە دڵنیاییەوە لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی کوردستاندا، ژنان ناتوانن وەك ئەوەی پێویستە بەرامبەر بە پیاوان قسە بکەن، هەندێك بابەتی هەستیار هەیە کە بە دەگمەن ژنان دەیانەوێت بەرامبەر بە پیاوان قسەی لەسەر بکەن، هەتا ئەگەر بێدەنگی لەڕووی یاساییەوە بە زیانی ئەوانیش بشکێتەوە، چونکە بابەتەکە دیوێکی دیکەی کۆمەڵایەتی هەیە و پەیوەندی بە دۆخی ژنانەوە هەیە لە کۆمەڵگەدا، لەو ڕوانگەیەوە لە دۆخی ئێستای کۆملگەی کوردیدا، پێویستە کێشە یاساییەکانی ژنان ڕووبەڕووی دادوەرانی ژن بکرێتەوە».

ئەو توێژەرە لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە ئەگەر لە روانگەی کۆمەڵایەتییەوە تەماشای ئەو بابەتە بکرێ، دەردەکەوێت کە «دادوەرانی ژن دەتوانن دوو سود بەو ژنانە بگەیەنن کە کێشەکانیان دەبەنە بەردەم دادگاکان. یەکەمیان: هیچ گومانی تێدا نییە کە ژنان باشتر دەتوانن لە ڕەگەزی خۆیان تێبگەن، واتە دادوەرێکی ژن باشتر دەتوانێت لە هەستەکانی ژنێك تێبگات. دووەمیان ئەوەیە کە بە هۆی کۆمەڵێك دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە ژنی کورد نایەوێت هەموو شتێك بەرامبەر پیاوان بڵێت، هەتا ئەگەر ئەو پیاوە دادوەرێکیش بێت. چونکە دادگا و دادوەری لە کوردستاندا لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەوەیە هێشتا بە فامی نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی نەگەیشتوون، لەبەرئەوە زۆرێك لە ژنان وەك هەر پیاوێکی ئاسایی تەماشای دادوەرێك دەکەن کە سەرقاڵی بڕیاردانە لە دۆسیەکەیاندا. ئەوەش وا دەکات بەشێك لە کێشەکانیان بشارنەوە و بۆ دادوەری نەدرکێنن،

کۆمەڵناسێک :

**میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی کێشەی ژنان گرفتی گەورەی تێدایەو پێویستە کێشە یاساییەکانیان ڕووبەڕووی دادوەرانی ژن بکرێتەوە**



بەڵام دیسانەوە دادوەر، یان ئەفسەرانی لێکۆڵەر لە بنکەکانی پۆلیسـدا، تەنیا بڕیار لەسەر ئەو بەشـە لە کێشەی ژنەکە دەدەن، کە قسـەی لەسەر کردووەو توانیویەتی گوزارشتی لێ بکات. ئەوەش وادەکات بەردەوام ژنان لە دادگادا ڕووبەڕووی جۆرێك لە پێشـێلکاری مافەکانیان ببنـەوە. لەو ڕوانگەیەوە پێویستە ژنان هەر لە قۆناخی بنکەکانی پۆلیسەوە تا دەگات بە دادگا، ڕووبەرووی ئەفسـەرانی ژن لە بنکەکانی پۆلیسدا و دادوەرانی ژن لە دادگاکاندا بکرێنەوە» .

**دەسەڵاتی سیاسی دەبێت پلانی ستراتیژی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی هەبێت**

چالاکوانـی دوورەوڵات گوڵاڵە پشـدەری، کە سـاڵیانێکە هەڵسـووڕاوێکی بەرچاوی مافەکانی مرۆڤە، سـەبارەت بە هەمان پرس ڕایوایە «کاتێك باسـی یاسـا و تاوان دەکرێ، دەبێـت بیـر لە ڕەگەز نەکرێتـەوە و تاوانبار سـزای خۆی ببینێ»، سـەبارەت بەوەش کە تا چەند پێویسـتە دادوەرانی کەیسـەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە خانمـان بە دادوەرانی ئافرەت بسـپێردرێ؟ گوتی «جاری وایە ئافرەت خۆیشـی کە پۆستێکی بەدەسـتەوەیە هەڵە دەکات و ڕۆحی هاوکاری و هەسـت و سۆزی بۆ مەسـەلەکە کەمترە لە پیاوێك، بەڵام لە زۆربەی کاتدا بە شـێوەیەکی گشـتی ئافرەتان سیلەی ڕەحم و سۆزیان زیاترە لە ڕەگەزی پیاو. ئینجا بۆیە لەوانەیە بـە جددیتر بەدوای بابەتەکەدا بچـن، یاخود بەدواداچوونی جددیتر بۆ کێشـەکە بکەن. بەڵام بەگشـتی من پێمباشترە کاری دادوەری لە کەیسی توندوتیژی هەردوو ڕەگەزی تێدا بێت، پێکەوە بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیژی خێزانی ببنەوە، نەهێشـتنی ئەو گرفتە گەورەیە لە خێزاندا کاری تاك لایەن نییەو دەسەڵاتی سیاسیش دەبێت پلانی ستراتیژی بۆ دابنێت بە جۆرێك کە وشیاربوونەوە بەرامبەر بە مافی ئافرەت سەر بە هەموو ماڵێکدا بکات».

ڕۆژنامەنووس هۆشـمەند چەکوانی، سـەروەری یاسـا لە سـەرووی هەمـوو پێوەرێکی دیکە دادەنێـت و دەڵێت «من وای نابینـم کە ئەگەر دادوەر، یان پۆلیسـەکانی تایبەت بە کەیسەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان، لە خۆیان بن، واتە ژن بن، باشـتر بگەنە دەرەنجام، واتە مەرج نییە ئافرەتان و ژنان دڵسۆزتربن بۆ کەیسەکانی خۆیان، چونکە ئەوەی دەبێتە هۆی یەکلاکردنەوەی کێشـەکان وەك خۆی و لەبەرژەوەندی خاوەن مافدا»، گوتیشـی «ئەوە پیاوانی دادوەر، یان ژنانی دادوەر نین، بەڵکو ئەوە سـەروەری یاسا و ئیرادەی ئەوکەسانەیە کە کەیسەکانیان لە ئەستۆدایە، هەربۆیە بە بۆچوونی من مەرجی هەرە گرنگ سـەروەری یاسا و کەسـانی شایستە و دڵسۆز دەتوانن کەیسەکان وەك خۆیان یەکلایی بکەنەوە نەك ڕەگەزی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای نێر یان مێ».

ئەو ڕۆژنامەنووسـە بە پێویسـتی زانی هەموو هەوڵەکان بە ئاڕاسـتەی ئەوە بێت کە ئەو جیاوازی و هەڵاوێرە جێندەرییە نەهێڵن و یەکسـانی لەنێوان نێرو مێدا بەرەو ئاستێکی باشتر ببـەن و دادوەری کۆمەڵایەتی مسـۆگەر بکـەن. نەك لە دادوەریش ڕەگەزی تایبەت بکرێتە پێوەر، گوتیشی «دەکرێت هێزی هاوبـەش و دادگای هاوبەش هەبێت بۆ ئەو کەیس و حاڵەتانەی کە جۆری ڕووداوەکە یان توندو تیژیەکە بەجۆرێکە کە ڕەنگە کەسـی سـتەم لێکراو نەتوانێت لەلای دادوەرێکی پیاو، یان لەلای ئەفسـەرێکی پۆلیسـی نێر هەموو شتەکان باس بکات، بۆ ئەو کاتانە گرنگەو پێویستیشە دادوەرو پۆلیس و ئەفسەری ئافرەت بوونیان هەبێت».

یاساناسێک:

**ئەو دادوەرەی بڕیار لە کەیسی ئافرەتێک دەدات، دەبێت پابەند بێت بە یاساو ڕێساکان و سۆز لە کارەکەیدا هیچ ڕۆڵێک نەبینێ**

چالاکوانێک:

**بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی کاری تاک لایەن نییەو دەسەڵات سیاسیش دەبێت پلانی ستراتیژی بۆ دابنێت بە جۆرێک کە وشیاربوونەوە بەرامبەر بە مافی ئافرەت سەر بە هەموو ماڵێکدا بکات**





گوڵان: کۆمەڵایەتی

# ناهەوسەنگی داهات و خەرجی به قەیرانێکی گەورە هەژمار دەکرێ

**گەرچی له هەرێمی کوردستان به هۆی بونیاتنانەوەی وڵات لەسەر دەستی کوردو سەدان پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاری دەرفەتێکی زۆر بۆ کارکردن له کەرتی تایبەت رەخساوە، بەڵام ژمارەی بێکارانیش کەم نین، ئەوەشی زیاتر گەنجانی هەراسان کردووە، ناهاوسەنگیی داهات و خەرجە، گەنجێکیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەهۆی کۆمەڵێ فاکتەری «ئابووریی ناتەندروستەوە» لەهەرێمی کوردستاندا کار بەنرخی (بەنگلادیش) و خەرجیش بەنرخی (لەندەن) ـە، بۆیە زۆربەی گەنجان بە گەشبینییەوە لە داهاتووی خۆیان ناڕوانن.**





**«هەرکۆمپانیایەکی بیانی کەدێتە هەرێم تەواوی هێزی کاری بە ئەندازیار و کرێکارەوە لەگەڵ خۆی دەهێنێت و گەنجی ئێمەش دەبێت پیاسەی شەقامی بێکاران بکات»**

**«ناعەدالەتی ئەوەیە مرۆڤ ناتوانێ بەکردنی دوو کاریش ژیانێکی شایستە بۆ خۆی و ماڵ و منداڵی زامن بکات»**

**«یەکێک لە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ ئەوەیە سوود لە تواناکانی تاک وەربگیرێ و هاوکات پاداشتێکی وەهای بدرێتێ کە بتوانێ ژیانی پێ دابین بکات و کەرامەتی مرۆڤایەتی پێ بپارێزرێت»**

### ناهەوسەنگی داهات و خەرج قەیرانێکی گەورەیە

لــە هەر وڵاتێکــدا داهات و خــەرج هاوســەنگ نەبێت، ئەوا کۆمەڵگە تووشــی قەیرانی جۆراوجۆر و هەژاری و بێکاری و ناعەدالەتی دەبێتەوە. هەرێمی کوردستانیش لەو هاوکێشەیە بەدەر نییە. چیمەن رەشید، چالاکڤانێکی کۆمەڵگەی مەدەنییەو هێما بۆ ئەوە دەکات، خەڵکی هەرێمی کوردستان بەسەر دوو شەریحەی جیــاوازدا دابەش بــوون، چینێکــی زۆر دەوڵەمەندو چینێکی زۆر هــەژار، چیمەن بڕوای بەوە نییە کە لە کوردســتان چینی مامناوەند هەبێت، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە لە دابەشــکردنی مووچە ناهاوسەنگیەکی زۆر هەیە، تەنانەت ماوە ماوە مووچەی فەرمانبەرە پلەبــەرزەکان زیاد دەکرێ، لەکاتێکدا ئەوان زۆربەیان خاوەنی ئۆتۆمبێل و خانووی خۆیانن، بۆیە بە پێویستی دەزانێت «حکومەت ئاوڕی زیاتــر لەچینی گەنجان بداتەوە، بەتایبەتی ئەو گەنجانەی کە لەســەرەتای دەستپێکی ژیانی هاوبەشدان و خێزانیان پێکهێناوە»، گوتیشی «گەنج لەوڵاتی ئێمەدا بەهۆی ئەوەی داهات و خەرجی هاوســەنگ نییەو هەلی هاوسەرگیری ئاسان نەکراوە، یان ژیانی هاوبەش دروست ناکات، یان ئەگەر ئەو ژیانەشی دروستکرد خۆی دەداتە دەست بێڕەحمی بازاڕ و خۆی بۆ ژیانێکی مەمرەومەژی ئامادە دەکات».

### کەرتی تایبەت بێکاری بۆ گەنجانی ئێمە هێناوە

چیمەن رەشید، ئەو رەخنەیە ئاڕاستەی حکومەت دەکات کە «ئەو کەسانەی وەکو خەبیر و شــارەزا لە فەرمانگەکان دادەمەزرێن و چارەنووســی ئەو خەڵکەیان دراوەتە دەست، زۆربەیان کەسانێکن لەســەر ئاســتی لێهاتوویی و شــارەزایی و هەبوونی ئەزموون دانەمەزراون»، گوتیشــی «کەرتی تایبەت ئەوەندەی بێکاری بۆ گەنجانی ئێمە هێناوە نیو ئەوەندە نەیتوانیوە کێشەی بێکاری چارەســەربکات، چونکە هەرکۆمپانیایەکی بیانی کەدێتە هەرێم تــەواوی هێزی کاری بە ئەندازیار و کرێــکارەوە لەگەڵ خۆی دەهێنێت و گەنجی ئێمەش دەبێت پیاســەی شــەقامی بێکاران بکات، لێرەدا ئەرکی حکومەتە کە دیراسەیەکی مەیدانی لەسەر گوزەران و مەعیشــەتی تاکــەکان بکات، بۆ نەهێشــتنی یان کەمکردنەوەی ئەو ناهەوســەنگییەی داهات و خەرج کە ئەمڕۆ وەك قەیرانێکی گەورە بوونی هەیە».

### ناعەدالەتییەکی گەورە لەبواری کارکردن هەیە و هەلی کار زۆر کەمە

سەرۆکی ئەنستیوتی کوردســتان بۆمافەکانی مرۆڤ (عەلی کەریم)، هێما بۆ ئەوە دەکات کە یەکێك لە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ ئەوەیە «ئیمکانە کارێکی عادیلانە» هەبێت، واتە سوود لە تواناکانی تاك وەربگیرێ، لەهەمان کاتیشــدا پاداشــتێکی وەهــای بدرێتێ کە بتوانێ ژیانی پێ دابین بکات و کەرامەتی مرۆڤایەتی پێ بپارێزرێت، گوتیشــی «لە کوردستاندا ناتوانرێ ژیانێکی ئاسایی بۆ تاکەکان فەراهەم بکرێت»، نموونەشی بەوە هێناوە کە ((کرێی خانوویەکی ١٠٠ مەتری بۆ ژیانێکی ئاسایی لــە مووچەی فەرمانبەرێکی هەرێمی کوردســتان زیاترە بەبێ لەبەرچاوگرتنی خواردن و خۆشــگوزەرانی و خەرجی دەرمان و نەخۆشی و سەفەر و گەشت و سەیران)).

عەلی کەریم لە درێژەی قســەکانیدا جەخــت لەوە دەکاتەوە کە ((هیچ هاوســەنگییەك لەداهات و خەرجی زۆرینەی گەنجاندا بەدی ناکرێ)) گوتیشــی ((لە هەرێمی کوردستان بەو هەموو ئاســتەنگەوە گەنج ناتوانێ ژیانی هاوسەری پێکەوە بنێت، بۆیە ئەوەی لەکوردســتان دەیبینین ناعەدالەتییەکی گەورەیە لەبواری کارکــردن و هەلــی کار زۆر کەمە، جگە لــەوەی لەناو خودی حکومەتی هەرێــم ناعەدالەتی لەدابەشــکردنی مووچە هەیە، مووچەی فەرمانبەرێکی ئاســایی لەگــەڵ مووچەی وەزیرێك و پەرلەمانتارێك و بەڕێوەبەرێکی گشــتی جیاوازیەکی یەکجار زۆری هەیــە، دەبێ ئەوەمان لەبیربێت کە مــرۆڤ کاردەکات، کارنــاکات بۆ کارکــردن، کاردەکات بۆ ژیــان، واتا ئەو کارەی دەیکات، پێویســتە ژیانی بۆ دابین بــکات، ناعەدالەتی ئەوەیە مرۆڤ ناتوانێ بەکردنی دوو کاریش ژیانێکی شایستە بۆ خۆی و ماڵ و منداڵی زامن بکات)).

ئــەو چالاکوانەی بــواری مافی مرۆڤ، چەنــد هۆکاری بۆ ئــەو ناهاوســەنگییەی داهات و خەرج دەستنیشــان کردو وتی «مافی بەرکار لەکوردســتان بوونی نییە، بازاڕی ئازاد تائێستا لەکوردســتان دروســت نەبووە، ئەوەی هەیە بازاڕی ئازاد نییە، بەڵکو بە شێوەیەك لەشێوەکان بازاڕێکی ناتەندروستە. لە لایەکی دیکەوە ئەو کارکردنەی لەهەرێمی کوردســتاندا هەیە، بەشــی



«پاوانکردنی بازاڕ لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی دیاریکراو، یان سەرمایەدارانی نانیشتمانی کاریگەری گەورەی دروستکردووە»

سـەرەکی لە حکومەتەوەیە، هەرکاتێکیش کەرتی تایبەت ڕۆڵی لەکارکردن نەبوو، بودجەی حکومەتیش ئاوا کەم بێت، تاك بێئومێد دەبێت، بۆیە پێویسـتە مافی بەکاربەر بپارێزرێت، بازاڕی ئازاد و راسـتەقینە دروست بکرێت و کەرتی تایبەت بەشێوەیەکی باش گەشـەی پێبدرێت، ئەو کارەی تاك دەیکات، زەمانی تێدابێت و بەشی ژیانێکی شەرافەتمەندانە بکات».

**ناهاوسەنگی خەرج و داهات پلانی تۆکمەی پێویستەو بە تێپەڕبوونی کات چارەسەر نابێ**

ڕۆژنامەنووس ئیبراهیم عەباس، سـەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «حکومەت تا ئەو سـاتەوەختە بایەخێکی تەواوی بە مەسەلەی مەعیشەت و باشـترکردنی ژیانی ڕۆژانەی تاك لەکۆمەڵگەی ئێمەدا نەداوە، گەرچی لەماوەی دوو سێ ساڵی رابردوودا دوای بەهێزبوونی ئاراستە سیاسییەکان کەمێك ئاستی گوزەرانی خەڵك لەڕووی مووچەوە هەڵوەسـتەی لەسەرکرا و باشترکرا، بەڵام ئەو باش بوونەوە لەئاسـت ویسـت و داخوازی خەڵکدا نییە، چونکە مووچەیەکی ٤٠٠ _ ٥٠٠ هەزاردیناری بەشـی خواردنەکەی نـاکات، چ بگات بە کرێـی خانوو، یان خەرجـی هاتوچۆ و جلوبەرگ و پێداویستییە سەرەکییەکان»، ئەوەشی دووپات کردەوە کە «ناهاوسەنگی خەرج و داهات بە تێپەڕبوونی کات چارەسەر نابێ و پلانی توکمەی پێویسـتە و دەبێت چارەسـەری ریشەیی بۆ ئەو گرفتە گەورەیە بدۆزرێتەوە». گوتیشـی «بەبۆچوونی من هـەر مرۆڤێك نەتوانێ دەسـتەبەری ژیانی بکرێت، کەواتە ئـەو مرۆڤە لەم وڵاتەدا هیچ مافێکی نییە، بڕواشـم بەوە نییە کـە دەڵێن ٧٠٪ی بودجـە بۆ مووچـەی هاووڵاتیانە، چونکە پێوەرەکانی دابەشـکردنی ئەو پارەیە دیـار نییە، لەگەڵ هەموو ئەوانەش هیواخوازم لەکابینەی نوێدا ئەو مەسەلانە یەکلا بکرێنەوە و ئەولەوییەت بە مەسەلەی مەعیشەتی تاکەکان بدرێت، لەوڵاتی ئێمەدا سەرچاوەی مەعیشەت مووچەیە و مووچەش بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دابەشدەکرێت».

**کێشەی سەرەکی لەکوردستان نەبوونی گەرەنتی ژیانی تاکە**

لەیلا قادری بەرپرسی بەرنامەکانی رادیۆی هێلین، لە دەستپێکی قسـەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە «٧٠٪ی بودجەی گشتی بۆ مووچەی هاووڵاتیان تەرخان کراوە»، بوونی هێزی کاری بیانیش لەهەرێمی کوردسـتان بە بەڵگەی ئەوە دەزانێت کە لە کوردستان بواری کارکردن بۆ خەڵك هەیە، بەڵام «زۆرجار گەنجی خۆمان پێی رازی نییە، هۆکارەکەشـی بۆ نەبوونی بیمەی دڵنیایی کار گەڕاندەوە و گوتی «بۆ نموونە قوتابی زانکۆ لە لەندەن بە ڕۆژ دەخوێنێت و شـەوانە لە رێسـتورانەکان قاپ دەشوات، ئەمەش رەنگە لەبەر ئەوەبێت کە لەوێ بیمەی دڵنیایی کار بۆ تاك هەیە و گەنج دڵنیایە کە لەداهاتـوودا ژیانی خۆی و خێزانەکەی لە لایەن حکومەتەوە پارێزراوە، بەڵام بەشـێوەیەکی گشتی کێشەی سـەرەکی لەکوردسـتان نەبوونی داهاتـی هەنووکەیی تاك یان گەنج نییە، ئەوەندەی گرفتەکـە نەبوونی گەرەنتی ژیانی تاك و خێزانەکەیەتی لەئێسـتا و لەداهاتوودا کە ئەوەش هۆکارەکەی نەبوونی بیمە و دەستەبەری دڵنیایی کار و تەمەنیەتی».

«تائێستا ئەم شێوازی حوکمڕانییە لە کوردستان نەیتوانیوە بازاڕ لە نێوان ئابوورییەکی ئاراستەکراوی سەنتەرالیزم بگۆڕێت بۆ ئەو بازارە ئازادەی کەوا بەپێی سیستمی دیموکراسی بەڕێوەدەچێت»

**پێویستە بازاڕی ئاڕاستەکراوی سەنتەرالیزم بگۆڕێت**

دڵـزار عەبدوڵـلا بەرپرسـی کۆمیتەی سـەرکردایەتی حزبی زەحمەتکێشـانی کوردستان لە هەولێر، سەبارت بە ناهاوسەنگیی داهات و خەرج بەمجۆرە ڕای خۆی دەردەبڕێت: «تائێسـتا ئەم شـێوازی حوکمڕانییە لە کوردسـتان نەیتوانیوە بـازاڕ لە نێوان ئابوورییەکی ئاڕاسـتەکراوی سەنتەرالیزم بگۆڕێت بۆ ئەو بازارە ئازادەی کەوا بەپێی سیستەمی دیموکراسی بەڕێوەدەچێت، واتە شـێواوی و ناتەواوی لە بازاڕدا هەیە، چونکە پاوانکردنی بازاڕ لەلایەن چەنـد کۆمپانیایەکی دیاریکراو یان سـەرمایەدارانی نانیشـتمانی کاریگەریگـەورەی دروسـتکردووە، هۆکارێکی دیکەشـی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخـە ناجێگیرەی ناوچەکە بەگشتی، هەروەها نەبوونی پلان بۆ بەرگرتن لەو شاڵاوەی هاتنی کرێکارانی ئێرانی و سـووری و شـارەکانی عێراق بۆ هەرێمی کوردسـتان وای کردووە، کرێی کار بەرامبەر بە خەرجی ڕۆژانە زۆر کەم بێت، هەروەها نەبوونی یاسایەکی کار بۆ بەرگریکردن لە مافی کرێکاران و نەبوونی پلانی پێویست بۆ هاوردەکردنی کاڵا و شـتومەکی پێویسـت لە دەرەوە، لە بەرامبەر ئەوەشدا پێویستە هاندان هەبێت بۆ پشـتگیری کردنـی بەرهەمی خۆماڵی، ئەو هۆکارانـە و چەندان هۆکاری دی وایکردووە دوو چینی جیاواز لە کوردستان دروست بێت و کاریگەری گەورەشی لەسەر بژێوی خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت هەبێت».

«کێشەی سەرەکی لەکوردستان داهات نییە، بەڵکو نەبوونی گەرەنتی ژیانی تاك و خێزانەکەیەتی لەئێستا و لەداهاتوودا»